کوردی و مەریوانی کتێبی یاری

غفور میرزا کریم



ئاشکراو ڕوونە کـە مزگـەوت و تەکیـەو خانەقاو حوجرەو مەلاو پیاوە ئایینیەکان لە بوارێکی تایبـەتی‌دا وە لە پلـەو قوناخێکی دیاری کراوا بە مەلبەنـــدی چاو کردنەوەو وریا کردنەوەو سەرچاوەی فێرکردنو ڕۆشنبیری ناسرابوون ، بە مانایـــەکی تر ئـەم لانە زانستی‌یەو ئەم سەرچاوە گرنگەی خوێندن بەر لـە دامەزراندنی قوتابخانەو ڕێگا بـــە شێوەی هاوچەرخ دەورێکی بالاو مەزنی لـــــە پێش خستنی کاروانی ئەسرەوتی گەل‌دا نواندوە .

بە وێنەی ئەستێرەیەکی پرشنگ دار بوون لـــە ئاسۆی سەرکەوتن و بەرزی کۆمەل دا ، کلاوڕۆژنەیەکی چـــاو ساغی وریاکردنەوە بوون بۆ ئامـــانج پێکاندنو گەیشتن بە لووتکەی بەرزی .

نەقی‌ی مزگـــەوتەکان . شـــاگردانو قوتابیانی حوجرەکان لە دەرسی ئایینی‌و هەندێ دەرسی فارسی هەلبژێراو ، گولستان ، بوستان بـەولاوە هیچ بابەتە دەرسێکی تریان نەئـەخوێنـــدو فێر ئـەبوون .

بێ‌گومان پێویستی ڕۆژ بارو دۆخی دوا کـەوتنی ئەو سەردەمە لەمە زیاتری بە بالای کۆمەلگای کوردا نەبڕی بوو . واتە هێنتا دەرسی نوێی فێـــر بوونی بابەتی هاوچەرخو گونجـــاو لەگـەل پلـەو قۆناخی تازەدا نەکەوتبووە ناو ناوانەوە . وبـــــتی ڕۆژو خواستی مێژو هیچی تازەی نـــەهاوێشتبوە نـــاو لیستەی خوێندنو فێرکردنەوە بۆیەکا لەو ســەردەمەدا (یاری)

وەکو دەرسێ لە دەرسە تازەکانی هاوچەرخ نەهاتووە ریزو ناوی پەیدا نەکردبوو .

نەقێو شاگردانی حوجرەو تێکڕا کۆمەڵانی خەلك بە ئازادیو بە ئارەزووی تایبەتی ، بە هەوەسو خۆشی دڵ هەر چەشنە یاری‌یەکیان بوبستایە لەو یاری‌یانەی کە لە ئارادا هەبوون ئەیان کرد . لە نێوان خۆیاندا بە شێوەی گەڕەك گەڕەك یان هاو پیشەیی ڕێك ئەکەوتن قەیان ئەکرد بە یەك لەم دەشت یا لەو سەر کرد یا لەو گوێ کانی بە یاری کردن ماوەیەکیان ئەبردە سەر ، تۆزی پەژادەو دڵ پەستی دەروونیان ئەدا بە دەم باوە ، کەمێك دەماری کرژبووی لەشیان خاو ئەکردەوە ، بایەکیان بە باڵی خۆیان ئەدا ، بەمە بناغەی لەشێ ساغیو تەندروستی خۆیان دابین ئەکرد . هەستو هۆشیان جۆشی ئەخوارد .. کە لایان وابوو بەم کارە پێویستی یا ئەرکێکی سەر شانیان جێ بە جێ کردووە .. ئەمە سەرەڕای ئەوە کە سروشتی ڕەنگاو ڕەنگی کوردستان ، جوانیو دلگیری بەهارو وەرزەکانی تر کە لە جیاتی دلێ هەزار دڵی بۆ حەیران ئەبێ . خەلکی ئەو ڕۆژانەی ئەهاویشتە ناو بەهەشتی هەمیشەیی‌یەوە ، هەوەسو ئارەزووی یاری ، گورانی ، هەلپەڕکێی تیا ئەهاژاند . تا هاوبەشی لە خۆشیو جوانیی سروشتدا بکەن .

پیرە مێرد وینەگری ڕاستیو گەریدەو شارەزای هەلکەوتووی ئەم ولاتە هەرچەندە لە زوور باسی داسلیمانی ئەهێنیتیەوە بە نمونە بەلام یە بە ڕ؟ هەرچی‌دەلیت سەرتایای ولات ئەگریتەوە کورد وەتەنی مشتی نمونەی خەرواریکە . لێرەدا پیرە مێرد باسی ئەو سەردەمەمان بۆ ئەکات کە هێشتا یاری تازە بابەتی هاوچەرخ وەکو فوتبۆل ، تێنس .. هتد نەهاتبووە کایەوە هەرچی هەبوو تەنها یاری‌یە میللیەکانی خۆمان بووەو .. هەروەها ئەلێت :

ساڵانی پێشوو ، کاتی بەهار لە هەر چوار لای شارەوە ، گەڕەك ، گەڕەك بە دەستە کوڕان تێواران ئەچوونە تەراغ شار بۆ یاری کردن . لە کانیسکان . لە دەشتی کۆلك ، لە بەر گردی فەقێ‌یان دا یاریان ئەکرد ، کە یارییەکانیش ئەمانە بوون . شەڕە تۆپ . کەوشەك ، سێ باز ، بوخچە بە گەردانی ، کلاو فرکێنی ، ئاشە بە تەندورە ، قەلە مرداری ، قەلا ، قەلا گوریس کیشەکی .

بەلام بەهاتنی دەمو دەزگای نوێ ، کردنەوەی قوتابخانەی هاوچەرخ یاری وەکو دەرسێك کەوتە ناو لیستەی دەرسەکانی ترەوەو ئەخویندرا .. قوتابییان لێ‌پرسیار بون بەرامبەر فێربوون و تاقی کردنەوەی .

دەستەی کوردیو مەریوانی کە بە پێی پێویستی مێژووی ڕۆژگاری ئەو چەرخە هاتبونە کوڕی جموجولی خەباتەوە بەرامبەر بارو دۆخی ناتۆلای ئەو ڕۆژە تولنکی فەرهادی ڕۆشنبیریان ڕا ئەوەشاند ، بە وێنەی کاوەی ئاسنگەر ئەرکو فەرمانی زانستیو بلاوکردنەوەی خوێندەواریان خستبوە ئەستۆی خۆیان لەو هەلو مەرجە کوورو ناهەموارەدا چی‌یان لە تواناوا بو کردبان هیچ نەبێ بەردێکی بچووکیان نایە ناو بارو بارخانەی وورپایی پێشکەوتنی گەل وە ئەونەمامێکیان لە باخچەی نیشتماندا ناشت . هیچ گومانی تیا نی‌یە ئەم دەستەیە لە مەیدانێکی پانو بەرینو فراواندا وەك چاپووك سوارێکی بە توانا ئەسپی خۆیان تاو ئەدا بە هەر چواردەوریاندا کەوتبونە جوولە دەستەو یەخە دژی نەخوێندەواری ، دواکەوتن . داماوی وەستابوون ، بۆ دارشتنی قالبی نوێی پێشکەوتن ، دروست کردنی وشەی دلسۆزو جوانی کورد شەوگاری نارەحەتیان گرتبوە بەر لە کوێوە بۆنی بۆ کرووزی دواکەوتنو هەناسە ساردی بهاتایە یان چاویان بە کەلاوە کۆنەیەکی کلولێ بکەوتایە یان پێ‌یان هەلنوتایە بە کەندو کۆسپی گیرمەو کێشەی زانستی‌دا وەك شێر ڕانەچلەکینو ئەهاتنە کوڕی خەباتەوە . بە چەکوشی بیرو مێتنك بە هەولو کۆششی سەختی بەردەوام دەرگای پێشکەتنو زانستی‌یان ئەکردەوە . هەوری بەدبەختیان لە ئاسمانی گەورەی پێشکەوتنی کوردا ئەڕەواندەوە بە ڕاستی ئەرکی ئەو ڕۆژەی شۆڕە سوارانی ڕۆشنبیری کورد بریتی بو لە هانەهان دانی لاوان بۆ خوێندن ، بۆ زۆر کردنی قوتابخانە . بۆ پاراستنی زمانی کوردیو دەولەمەند کردنی بە وشەی تازەو بلاو کردنەوەی زانستی بەلکو لەم سووچەوە بتوانن پالێ بنێن بە کاروانی ئەسرەوتی خەباتی کوردەوەو شتێ بە شتێ بکەن .

جا لەبەر ئەوەی کە لە قوتابخانەکاندا دەرسی یاری وەرزش کەوتبوە ناوانەوە وە بایەخی پێ ئەدرا ، لاوانو قوتابیان سەریان کردبوە سەری ڕۆشنبیرانی کورد بە پێویستی سەرشانیان زانی کە لەم مەیدانەدا بەشداری بکەنو سوودو کەلکێ بگەێنن بەم کەلکەلەی گوورینی ئەم یاریە تازە داهاتوانەیان بۆ زمانی

کوردی کەوتە سەر تا لەم بۆچوونەوە بتوانن هانە هانەی کۆمەڵانی خەڵك بدەن بۆ یاری کردن ، پەرەپێدانی گیانی وەرزشی ، تا نەوەیەکی لەش ساغی مێشك پاکی دڵ خاوێنی باش پەروەردە کەن لەم نیشتمانە دا .

لەبەر ئەم هۆیە ئەم نامیلکە خخیلانە (٣١) لاپەڕەییەیان بە ناوی (یاری) وە دانا کە بێ گومان بە سەنگ‌و بەردی ئەو ڕۆژە جێگایەکی دیاری کراو وەرئەگرێ‌و کەلێنێکی گەورە پڕ ئەکاتەوە لەکەلەپووری میللی‌و شوێنەوارێکی گرنگ‌و بەنرخ بەجێ ئەهێڵێ لە مێژووی زانیستی‌و وریایی ڕۆشنبیرانی کورد دا .

پێشکەشی نامیلکەکە ئەم دێڕەیە :

ئەم کتێبە بچکۆلەیە زۆر بەکارە ئەکەین بە پێشکەشی هەمو قوتابی‌یەکی گورج‌و چالاکی کورد .

بەڕاستی ئەم پێشەکیە هەرچەندە چەند ووشەیەکی ڕیزکراوەو بوە بە دێڕێك ، ملوانکەیەك ، بەڵام لەو ڕۆژەدا زۆر گرنگ‌و پڕ مانا بوو بە تایبەتی ئەم نامیلکەیە پاش ڕاپەڕینی شەشی ڕەشی ئەیلولی ١٩٣٠ دەرچووە کە قوتابیانی کورد یەکەم جارە بە سنگی ڕووت دێنە مەیدانی خەباتەوە ، ئەبنە پێشەنگی گەلی چەوساوە بۆ مافی ڕەوای خۆی‌و بە هەموو مانایەك دەوری باڵای خۆیان نواندو ڕاپەڕینەکەی بەر دەرگای سەرایان لە مێژووی کوردا بەخوێن‌و ئازایەتی نووسی .

دیارە پێشکەش کردنی ئەم نامیلکەیە بۆ قوتابیان جێگای شانازی‌و مانای یادکردنەوەی دەوریانە لەو ڕاپەڕینەدا لە وەختێکدا کە داموودەزگای کۆنی ڕابردوو هەر خەریکی ئەوە بوو پەردە بە سەر ئەو ڕۆژە پیرۆزەدا بداو دیزە بەدەر خوونەی بکا . بەڕاستی پەنجە درێژ کردن بۆ قوتابیان ، ناوهێنانیان، مانای دان نانە بە زانیستی‌و خوێندەواری‌و نرخ دانە بە هێزێکی تازە کورەی خوێن گەرمی چاو نەترس کە توانیان لە مێژووی تێکۆشانی گەلی عێراقدا دەورێکی گەورە بگێڕن لە خۆبەخت کردن‌و قوربانی دانا بۆ بەختیاری گەل‌و ڕزگاری وڵات لە چنگ ئیمپریالیزم‌و داموودەزگای .

پاشان دێتە سەر سەرەتاو ئەڵێت :

١) لەسەر گەلێ تکلیفی هەندێ مامۆستای ناسیاو ئەم کتێبە بچووکەمان پێك هێنا هیوامان هەیە بۆ قوتابخانەکانی کوردستان زۆر بەکەڵك بێت چونکە ئەمە تا ئێستا نەکراوەو زۆریش پێویستە .

٢) لەبەر ئەوەی ئەحتی پەلەی تیا کراوە ئەوەڵ جاریشە زۆر کورتمان کرد . تکا ئەکەین ئەگەر ناتەواوییەکیشی تیا بینرا بمان بەخشن .

٣) سپاسی ئاشکرا بۆ مامۆستای قوتابخانەی ئەوەلی سلیمانی شاکر سید حکیم ئەفندی کە لە نووسینەوەی ئەم کتیبەدا زۆر یارمەتی دابن .

٤) ئێمە کە دەستمان دایە ئەم ئیشە هیوای یارمەتی خێرخواهانی میلەت بووین بە ڕەواج دان بەم کتێبانە بە فرۆستنی‌و کڕینی کەچی لەوانەی کە خۆیان بە ڕەهبەری قەومەکەمان ئەزانن کتێبیان لێ داوا کردین کە بۆمان بفروشن ، کەچی فرۆشتیان وە چاویان لە پارەکە پۆشی .

کوردی‌و مەریوانی

ئەگەر بێتو بڕوانینە ئەم سەرەتایەو شی‌بکینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە خزمەت کردنی قوتابیان بە گشتی . فێرکردن‌و ، چاو کردنەوەو ڕاپەڕینیان ، باڵ پێوە ئەرو هاندەریان بووە لە هەڵگرتنی ئەم ئەرکەو جێ بەجێ کردنی ئەم فەرمانە ، پیرۆزەدا . ئەوسا دێتە سەر ستایش کە بۆ نموونە مامۆستا شاکر دێنێتەوە هەر چەندە کە زۆر کەسی تر یارمەتی داوون‌و پشتی گرتوون ، چونکە کوردی‌و مەریوانی وەکو وتمان گەرچی دووکەس بوون بەڵام بەناوی دەستەیەکەو لە ڕۆشنبیرانی کورد خامەیان هەڵئەسووڕان وە ڕێگای خەباتیان گرتبوە بەر . لە دووایدا ئەکەوێتە توانج گرتن لەوانەی کە تا دوێنێ بوو لاف‌و گەزافی کوردایەتیان لێ ئەدا سەری هەزارانیان ئەبڕی کەچی ئەمڕۆ پارەی کتێبەکانمان ئەخۆن . دیارە کوردی‌و مەریوانی نەیانتوانیوە لەمە زیاتر بڵێن ، دیارە مەبەستیان لەوانەیە کە لە پاش ڕاپەڕینەکەی بەر دەرگای سەرا پشتیان کردە گەل خۆیان خستە ناو باوەشی نازو نعمەتەوە ، پیرەمێرد لە هەڵبەستە بە ناو بانگەکەیدا ئەمانە باش ئەشوا کە ئەڵێت :

وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
چەپکێ گوڵەکەی باخەکەی سەرا
ببەنە خزمەت عەرشی عێراقی
بڵێن یار باقی هەم سحبەت باقی

پاش ئەمە دێتە سەر یاریەکان . یاری سوێدی کە تازە هاتبوە ناوناوانەوە ؛ مـــاوەیەك خۆیـان پێوەخەریك کرد تاخستیانە شێوەیەکی کوردیەوە و پێشکەشی قوتابیانی ئەو ڕۆژیان‌کرد بۆ وێنـــە وا نموونە یەکی لێ ئەخەینە پێش چاو :

گرد بە
بە باڵا ڕیزبـە
ڕاحــت ـ کە
وریا ـ بە
لەسەر ڕاست ڕێک بە
بۆپێش بڕوانە
لە ڕاستەوە بژمێرە
وریا ـ بە
زوپاژنە ـ هەلبـڕە
پاژنــە ـ دانێ
هێواش پاژنە ـ هەلبڕە
پاژنە دانێ
بۆکەمەر دەست
پاژنە هەلبڕە   دوو جار
پاژنە دانــێ
٢ سێ جار تەنەفوس کە
بۆخوارەوە دەست
ڕاحەت‌ـکە
وریا ـ بە

بەم جەشنە یاری ئەو سەردەمەی قوتابخانەـ کانیان کرد بەکوردی جگە لەوەی کە مامۆســتــا کانیش هیچ دریغیان لەوەدا نەکرد کە بــــەم شێوە کوردی بە مەشقیان بەقو تابییەکـــان ئەکردکە تا ئەمڕۆش شوێنەواری ئەو هەوڵو تۆشنە هــــەر دیارە . بەراستی ڕۆشنبیرانی کورد لەم جموجوڵــە یاندا کەڵکیان لەو دەرفەتە وەرگرتبو کە قانونــی ژمارە (٧٤) سالی ١٩٣١ دابوی ؛ ئــەو قانوونـــەی کە لەژێر پالە پە ستۆی جـــــوولانەوی کورددا دامودەزگای دوابڕاوی دەوری پاشایەتی دەری کردبوو کە بە پێی ئــــەم قانوونە پێویـستە لە قوتابخــانەو دادگاو جێگاکانی ترلە ناوچە کوردەکان‌دا بە کـــوردی بخوێنرێت و قسە بکرێ . دوایی دێتە سەر باســی یاری تازە داهاتووی بێگانە ؛ یاری‌یە میللیەکانـــی خۆمان باســی فوتبۆلێن ئەکار کە ناوی بە تۆپــی پــی ناوئەبا . وە ئەگەڕێتەوە سەر باس کردنی‌و ئەڵێت :

ئەم یاری یە لە دوو دەستەی (١١) کەســـی پێك دێ لە گەڵ حەکمێك و بۆهەمــو ئەندامێك ناوێکی

کوردی داناشیوە . هێرش کەر یانی مهاجم . قەلایانی گۆل ، قەلا پارێزیانی گۆلچی ... هتد . پاشـــان دێتە سەر باسی یاری تەنس کە بەد ڕیزی لەمەنس لە دوێ پاشان دێتە سەر باسی یاریە میللیەکـــانی خۆمان .. وەکو قەلە مرداری ، بوخچە بە گەردێ .. لەمەش مەبەست ئەوەیە کە پێویستە قوتابیان‌و لاوان لەگەڵ فێربوونی یاری تازە داهاتوودا نابێ یاریـــە کۆنەکـــانی خۆمانیان لەبیر بچێتەوەو فـــەرامۆشی بکەن ، بەڵکو پێویستە کەڵك و سوود لە هەردوولا وەرگرن ، تانـــەوە یەکی لەش ســـاغی چاوکراوی گورجوگۆلی نیشتمان پەروەر پێتەکایەوە و پەروەردە بکـرێ .

پاشان دێتەسەر کە شافەو پێویستی یەکانـــی ئەوانەی ئەبن بە کە شافەو یاسای کە شافـە بـــە دورو درێژی لەم باسەش ئەدووی وئـــەرك فەرمانی قوتابیەکانی بەرامبەر بەم کارە دەرئەخا . هانەهانـەی لاوان ئەدا تا ببنە.

کەشافەکەریکی خاوەن شەرەفو دلســـــۆز ، تاسوودیان‌بو گەل نبێت وە بنەمایەی شـــانازی وە بەرزی بۆ نیشتمانەکەیان .

.. بەمە دووایی بە نامیلکەکەدێ ..

وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و راگەیاندن

((الفـــــرارة))

کۆمەلە چیرۆکی خضیر عبدالامیر
کە لە ١٢ چیرۆك پێك‌هاتووە
کەوتە بازارەوە

دەزگای نیشتیمانی دابەش کردن‌و بۆزانین ـ بەغدا
دابەشی‌دەکات